# گۆڤاری
# ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٦ – ٢٠٢٦
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە
ISSN: 2520- 4106
Web: journal.ka.gov.krd

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.
گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.
ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd
* ئیمێل: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن ٢٠٢٥/٩/٢٨
پەسەندکردن ٢٠٢٦/١/١٩

# سیمیۆلۆژیای وشە لە شیعرەکانی ئەحمەد محەمەد دا (ڕەنگ، ناو، سروشت)

زاراعەبدوڵڵا مەحمود
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی،
زانکۆی ڕاپەڕین
zara.abdalla@uor.edu.krd

پ. صافیە محەمەد ئەحمەد
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی،
زانکۆی ڕاپەڕین
Safya.Kurde@uor.edu.krd

پوختە

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (سیمیۆلۆژیای وشە لە شیعرەکانی ئەحمەد محەمەد دا ڕەنگ، کەسایەتی، سروشت) ئەنجامدراوە. هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕەهەندی سیمیۆلۆژی لە شیعرەکانی شاعیردا و هەموو ئەو هێما و ڕەمز و دەلالەتانەی، لە چوارچێوەی وشە لە شیعرەکانیدا ڕەنگیانداوەتەوە. شاعیر چەندین وشەی لە دەقەکانیدا هێناون، کە مەدلوولی دووەمیان هەیە و کۆمەڵێک دەلالەتی واتایی لە پشتیانەوە شاردراوەتەوە، کە بەهۆی سیاق و ئەو شوێنەی وشەکەی تێدا هاتووە دەتوانین لێکدانەوەیان بۆ بکەین و واتای بارکراوی وشەکان بدۆزینەوە. لە توێژینەوەکەدا میتۆدی "وەسفی- شیکاری" بە پشت بەستن بە بۆچوونی سیمیۆلۆژی سۆسێر و جۆرج مۆنان. ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکەدا بە دەستهاتوون، بریتیین لە: دۆزینەوەی ڕەهەندی سیمۆلۆژی ئەو وشانەی کە واتای دووەمیان هەیە و واتای تریان لێ بارکراوە. کە ئەوانیش وشەکانی کێڵگەی (ڕەنگ و کەسایەتی و سروشت)ن، چونکە بە شێوەیەکی بڵاو و بەرچاو لە شیعرەکانی شاعیردا بەر چاو دەکەون، شاعیر بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاریهێناون، کە لە گەیاندنی واتا و کێشانی وێنەی شیعری و ئیستاتیکا و تێمای دەقەکە گونجاوە.

کلیلەوشە: سیمیۆلۆژیا، وشە، ڕەنگ، ناو، سروشت.

## ١-پێشەکی

دیوانی تەمەن یەکێکە لە دیوانە بەناوبانگەکانی ئەحمەد محەمەد، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لەکۆی دیوانەکە وشە بە هەموو جۆرەکانی (ڕەنگ، ناو، سروشت)، بەشێوەیەکی بەربلاو بەکارهاتوون و لەڕووی سیمیۆلۆژیاوە کێڵگەیەکی واتایی فراوانیان داگیرکردووە، کە هەر وشەیەک لە بیری شاعیرەوە هاتووە و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاریهێناوە، هەریەک لەو وشانەش واتا و مەدلوولی تایبەتی خۆیان هەیە. ناسینی وشەش گرنگترین ڕۆڵی لە ناسین و شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکاندا هەیە. ناونیشانی توێژینەوەکەمان بریتییە لە(سیمیۆلۆژیای وشە لە شیعرەکانی ئەحمەد محەمەد دا ڕەنگ، ناو، سروشت). لە شیعرەکانی شاعیردا زۆر وشە هەن بەواتای فەرهەنگی خۆیان بەکارنەهاتوون و واتای تریان لێ بارکراوە؛ بۆیە خوێنەر بەئاسانی لێیان تێناگات و تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی شیعرەکە قورس دەبێت بۆی. دیارترین ئەو وشانەی بەو شێوازە بەکارهاتوون لای شاعیر لە کێڵگەکانی (ناو، ڕەنگ، سروشت)ن. شاعیر خاوەن شێوازی زمانی شیعری تایبەت و جیاکراوەی خۆیەتی و توێژینەوە لەو لایەنەی شیعرەکانی نەکراوە. سنوری توێژینەوەکەمان، بریتییە لە سەرجەم دەقە شیعرییەکانی ناو دیوانی تەمەن. میتۆدی توێژینەوەکەمان، وەسفی شیکارییە بە پشت بەستن بە بۆچوونی سیمیۆلۆژی سۆسێر و پێرس و جۆرج مۆنان. توێژینەوەکە لە دوو تەوەر پێکهاتووە تەوەری یەکەم: تیۆرییە و تایبەتە بە چەمکی سیمیۆلۆژیا، تەوەری دووەم: پراکتیکییە و سیمیۆلۆژیای وشە لە کێڵگەکانی (ڕەنگ، ناو، سروشت) دەستنیشانکراون، لە کۆتایشدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## ٢- تەوەرەی یەکەم: سیمیۆلۆژیا

سیمیۆلۆژیا ئەو زانستەیە، کە لە هێما و ئاماژەکان دەکۆڵێتەوە و واتا و دەلالەتی پشت وشەکان ئاشکرا دەکات. بەتایبەتی ئەو هێما و ئاماژانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێن، وەک هێمای زمانی و نازمانی و ئایکۆنی کۆمپانیا کان ...تاد. ئەگەر چی لە کۆندا ڕەگ و ڕیشەیەکی هەیە، بەڵام «وەکو زانستێک زانای ئەمریکی پێرس و ژمارەیەک زانا و ڕەخنەگر و فەیلەسوف بەشداریان لەبوونی ئەم زانستەدا کردووە، ئەگەر وەک زانستێکیش بەدوای نیشانەکاندا بگەڕێین دەبێ ئاماژە بە سۆسێر و شارل ساندریس پێرس بکەین» (قطوس، ٢٠٠٦: ١٨٧) چونکە سەرمەشقی یەکەمی زانستەکە (سۆسیر)ە لەگەڵ (شارل ساندریس پێرس)ی ئەمریکی، کەبە دامەزرێنەر و پێشەنگەکانی زانستی سیمیۆلۆژین دادەنرێن و لەدوای ئەوانیش قوتابییەکانیان زیاتر برەویان بەم زانستەداوە و بەرەو پێشەوەیان بردووە. سۆسێر لە وتارەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە «دەبێ لە ئایندە دا زانستێک دروست ببێ، کە لە هێماکان بکۆڵێتەوە و ئەو کاتەش زمانەوانی دەبێتە لقێکی ئەو زانستە» (ئیبراهیم ٢٠٠٩: ٤٤) واتا سۆسێر هەر لە زووەوە پێشبینی ئەوەی کردووە، کە دەبێت زانستێک هەبێت لەو هێمایانە بکۆڵێتەوە.

زمانی دەق هەندێک جار کۆد و هێما لە خۆ دەگرێت، بۆ کردنەوەی ئەو کۆدانەش پێویستمان بە زانستی سیمیۆلۆژیا هەیە، سیمیۆلۆژیاش«میتۆدێکە لە نیشانە و هێما و ئاماژەکان دەکۆڵێتەوە کە مرۆڤ بۆ گوزارشتکردنی لە ناخی خۆی بە کاریاندەهێنێت بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا دروست بکات» (کریم، ٢٠٢٣: ٧).واتە لەو هێما و نیشانانە دەکۆڵێتەوە، کە مرۆڤ بۆ گەیاندنی پەیامێک بە شێوازی نهێنی بەکاریاندەهێنێت. بەمەش دەوترێت

سیمیۆلۆژیای ئاخاوتن و دەربڕین. ئەوە بوو دواتر سیمیۆلۆژیا بۆ مەبەستی توێژینەوەی ئەو هێمایانە سەریهەڵدا.«سیمیۆلۆژیا ئەو زانستەیە، کە کار لەسەر هەڵوەشاندنەوە و بنیاتنانەوەی دەق دەکات، هەروەها لەگەڵ شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی هێما و ئایکۆن و نیشانەکان لە پێناو گەیشتن بە واتایەکی قووڵتر و فراوانتر لە وەی کە وشەکان بە دەستەوەی دەدەن و دژی هەموو ئەو دەقانە دەوەستێتەوە، کە لە ناو خۆیاندا دەرگا لە سەر ئاماژەکان دادەخەن» (باپیر ٢٠٢٢ :١٠). واتا: لە ڕێگای بەکارهێنانی میتۆدی سیمیۆلۆژی شیکردنەوە بۆ ئاماژە و ئایکۆنەکان دەکات و واتای شاراوەی دەقەکان ئاشکرا دەکات و مەدلوولی نیشانەکان بەدەستەوە دەدات.

سیمیۆلۆژیا زانستێکە ڕایەڵ و پەیوەندی پتەوی لەگەڵ شێوازناسیدا هەیە و ڕێگا و یارمەتیدەرێکی باشی شێوازناسەکانە بۆ دەستنیشانکردنی هەندێ دیاردە و بنەمای شێوازی زمانی شاعیر و نووسەران لەوانە: دۆزینەوەی واتای دووەمی پێکهاتەکانی دەقی ئەدەبی بەگشتی و وشە بە تایبەتی، واتا ئەو دەلالەتە واتاییەی کە لە نێوان (دال و مەدلوول) دایە لای سۆسێر و لای پێرس ئەو پەیوەندییەی لە نێوان (دال و مەدلوول و لۆژیک و فەلسەفە)دایە، یارمەتی شێوازناسان دەدات بۆ دۆزینەوەی نیشانە و کۆدە خودی و تایبەتییەکانی شاعیر و نووسەران کە چۆن دەریاندەبڕن.

٢-١:زاراوە:

ڕەگ و ڕیشەی ئەم زاراوەیە بۆ یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە«لە فکری یۆنانی کۆندا ئەفلاتون و ئەرستۆ باسی تیۆری مانا دەکەن، کە ئاماژەی جیاجیای لێ دەبێتەوە و ئەمە ناودەنێن semio، کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و بە مانای ئاماژە دێت» (مەنتک، ٢٠١٨: ١١٢). کەواتا لە کۆنیشدا بە واتای ئاماژە هاتووە. دواتر زاراوەکە بە پێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ئەویش گۆڕانی بەسەردا هاتووە و گۆڕاوە .

ئ ئینگلیزەکان بۆ زاراوەی سیمیۆلۆژیا «se-miology, semiotic, semeiotics بەکاردێنن . هەرسێ زاراوەکە واتای زانستی نیشانە، یان ئاماژە دەگەیەنن؛ بۆیەش لە زۆربەی زمانەکانی دنیادا پشت بە زاراوە ئینگلیزیەکە دەبەستریێت» (مەنتک ٢٠١٨: ١١٢). لە فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی دا هاتووە، کە عەرەبەکانیش بۆ زاراوەی سیمیۆلۆژیا زاراوەکانی « علم العلامات، علم الأشارات، علم الدلالة السيميائية...تاد» (ئەسوەد ٢٠١١: ٨٥). بەکاردەهێنن، واتا عەرەبەکانیش کۆمەڵێک زاراوەیان بۆ بەکارهێناوە، بەڵام لە زۆربەی لێکۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکاندا (السيميائية، السيمائية) بەکاردێت. لە زمانی فارسیش زاراوەی(نیشانەناسی، سیمیا، سیما. بەکاردێت) (مەنتک، ٢٠١٨: ١١٢).

کوردیش بۆ سیمیۆلۆژیا چەند زاراوەیەکی بەکارهێناوە وەک« سیمیۆلۆژیا، سیمیۆلۆجیا، نیشانەناسی، زانستی نیشانەکان، ئاماژەناسی، هێمالۆجی ...تاد» (خۆشناو ٢٠١٩: ٢٥). لەزمانی کوردیدا بە هۆی نەبوونی زمانی ستاندار و فەرهەنگێکی یەکگرتوو، زاراوەکان جیاوازن و لە ژێر کاریگەری ئەوروپییەکان و عەرەب و فارسەکانەوە ئەم زاراوانە بەکارهاتوون و ئێمەش لەوانمان وەرگرتووە، بەڵام لە زۆربەی توێژینەوە ئەکادیمییەکاندا زاراوەی سیمیۆلۆژیا بەکارهاتووە؛ بۆیە ئێمەش سیمیۆلۆژیا بە پەسەند دەزانین.

زاراوەی «سیمیۆلۆژیا (Semiologie) کە دی ۆوسێر دای هێناوە، زاراوەی سیمۆتیکا (Se-miotique)ش، کە لەلایەن پێرسەوە داهێنراوە،

هەمان واتادەگەیەنێت و هەردووکیشیان لەوشەی (semio )وەرگیراون کە بنچینەیان بۆ وشەی یۆنانی( semeion ) دەگەڕێتەوە، بەڵام تەنها لە ڕووی (suffixe ) پاشگرەکانیانەوە جیاوازن» (ڕەئوف، ٢٠١٧: ١٥). ئەمە پەیوەستە بە ئینگلیز و فەڕەنسییەکان، ئینگلیزەکان Semiologie بەکار دێنن و فەڕەنسییەکان Semiotique بەکار دێن، لەگەڵ ئەوەشدا سیمیۆلۆژیا لە زۆربەی نامە ئەکادیمییەکاندا ڕۆیشتووە و بەکاردەهێنرێت.

سەرەتا ئەم زاراوەیە لە بواری پزیشکیدا سوودی لێوەر گیراوە. ئەم زاراوەیە«ساڵی ١٧٥٢ لە بواری چارەسەری پزیشکی، یان پزیشکی دەروونیدا دەرکەوتووە، بریتییە لە لێکۆڵینەوەی نیشانەکانی نەخۆش دیاردە (اعراض) جەستەیی و گوتەییەکان» (مەنتک ٢٠١٨: ١١٣). واتا لەسەرەتادا ئەم زاراوەیە لە بواری پزیشکیدا دەرکەوتووە، کاتێک نەخۆش ئەوقسانەی کە دەریبڕیون، یان جووڵەی ئەندامەکانی جەستەی، بەهۆی سیمیۆلۆژیاوە، کە یارمەتی نەخۆشەکە دەدات بۆ کردنەوەی کۆدەکانی نەخۆشییەکەی. دواتر ئەم زاراوەیە خۆی خزاندۆتە ناو بواری ئەدەب و لە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی سوودی لێوەرگیرا، بۆ کردنەوەی کۆدەکانی پشت دەقەکە، بە هۆی سیمیۆلۆژیاوە خوێندنەوەی جیاوازی لێدەکەوێتەوە، بۆ ئەمەش دەبێ شارەزاییمان هەبێت لە بارەی ئەو نیشانانەوە، هەر کۆمەڵگایەک کۆمەڵێک نیشانە بەکاردەهێنێت، کە بە پێی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی لەسەری ڕێککەوتوون و بۆتە موڵکی ئەو کۆمەڵگایە، یاخود بە هۆی کارەساتێکەوە کە بەسەر کۆمەڵگاکەیاندا هاتووە، کە هاوڵاتی ئەو کۆمەڵگایە نیشانەکان دەناسنەوە. بۆ نموونە: وەک (بۆنی سێو)، هەر هاوڵاتییەکی کورد لە هەر شوێنێک و هەر دەقێکی ئەدەبی بیبینێت ڕاستەوخۆ کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچەکانی کوردستانی بیر دەکەوێتەوە و هەستێکی ناخۆش دایدەگریت، کە ئەمە بۆ هاوڵاتییەکی نا کورد شتێکی ئاساییە و نازانێت ئەمە ئاماژەیە و هێمایە بۆچی؟ هەموو داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی، ئەفسانەی کۆن، ئایین، چیرۆکی دڵداری...تاد، کە هەر کۆمەڵگایە و خاوەن کۆمەڵێک داب و نەریت و ئەفسانە و چیرۆکی قارەمانی و دڵدارییە و هاونیشتیمانی ئەو وڵاتە هێماکانیان دەناسنەوە، کەواتا نیشانەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازیان هەیە و دەگۆڕێن.

٢-٢:پێناسە:

سیمیۆلۆژیا، زانستێکە بۆ کردنەوە و ڕاڤەکردنی واتای شاراوەی پشت یاخود ئەو دیو دەقە ئەدەبییەکان. واتا کار لەسەر مانای هێما و نیشانەکان دەکات. مەبەستی شاراوەی پشت دەقەکان ئاشکرادەکات و دەیاندۆزێتەوە، بەو مانایەی بە هۆی شیکردنەوەی نیشانەکانەوە واتای نهێنی دیوی ناوەوەی دەقەکان ئاشکرا دەبێت و دەدۆزرێتەوە. هەروەکو (سۆسێر) و (پێرس) لەسەر ئەوە کۆکن، کە سیمیۆلۆژیا «زانستێکە لێکۆڵینەوە لە ژیانی نیشانەکان دەکات» (خۆشناو ٢٠١٩ : ١٨). هەردووکیان جەخت لەسەر سیمیۆلۆژیا دەکەنەوە، کە هەم زانستە و هەم پەیوەستە بە نیشانەوە، ئەگەر چی لە ڕووی بیر کردنەوە جیاوازن (سۆسێر) زاراوەی سیمۆلۆژیا بەکاردەهێنێت و لە ڕووی زمانەوانییەوە شیکردنەوە بۆ چەمکی نیشانەکان دەکات بەڵام (پێرس) زاراوەی سیمۆتیکا بەکاردەهێنێت و لە ڕووی فەلسەفە و لۆژیکەوە شیکردنەوە بۆ شتەکان دەکات.

سیمیۆلۆژیا « سیمیۆلۆژیا وەک زانستێکی گشتی

بیشانەکان پێناسە دەکرێت» (Mounin Georg–es 1985: 29). بەواتای ئەوەی نیشانەکان زمانی بن یان نازمانی وەک (هێماکانی هاتووچۆ، جل و بەرگ، خواردن، بۆن، دەنگ...تاد)، سیمیۆلۆژیا لێیان دەکۆڵێتەوە و واتای دیوی ناوەوەی هێماکان دەستنیشان دەکات. سۆسێر دەڵێت: واتاسازی : زمان« سیستەمێکە لە نیشانەکان کە گوزارشت لە بیرۆکەکان دەکات»(عیاشی، ٢٠٠٩: ١٧). مەبەستی سۆسێر ئەوەیە لە رووی نیشانەی زمانی لە ئایکۆنەکان بکۆڵێتەوە بە بێ گەڕانەوە بۆ فەلسەفە و لۆژیک. نیشانە لای سۆسێر«بریتییە لە سیستمێکی نیشانە و گوزارشت لە بیرێک دەکات، ئەم سیستەمەش وەک نوسینی کەڕولاڵەکان، ڕەمزەکان، ئاماژەی سەربازی...تاد » (ڕەئوف٢٠٢٢ : ٣١). بەو مانایەی هەر لە ڕێگای نیشانەکان و کردنەوەی کۆدەکانەوە مەبەستی سەرەکی دەقە ئەدەبییەکە ئاشکرا دەبێت یان سیمیۆلۆژیا  لە ڕێگای ئاماژە و نیشانە نازمانییەکانەوە هەنگاو بەرەو ناوەوە و ناخی دەقە ئەدەبییەکە دەنێت و واتای دیوی ناوەوەی دەدۆزینەوە .

نیشانە (العلامة) ناوەندی توێژینەوەی سیمیۆلۆژییە. بەڕای مۆنان «نیشانەکان بریتین لەو شتانەی، کە دەتوانین ڕاستەوخۆ بیان بینین و لێیان تێبگەین، بەڵام پەیوەندیان بە شتێکی نادیارەوە هەیە » ( مونان، ت–بکوش، ١٩٨٦: ل٢٣ (واتا کاتێک نیشانەکانی ڕێگاوبان دەبینین بێ ئەوەی هیچ شتێکی تیادا نوسرابێت هەر لە ڕێگای نیشانەکەوە مەبەستەکەی دەزانین، کە بەهۆی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیەوە لەسەری ڕێککەوتوین بێ ئەوەی ئاماژەی زمانی هاتبێت مانای دووەمی نیشانەکە دەزانین، کە هەندێک لەم نیشانانە جیهانین و تەواوی جیهان لەسەری کۆکن وەک: نیشانەکانی هاتووچۆ(سور و زەرد و سەوز) کە هەریەکەیان واتایەک دەگەیەنێت و هەموو جیهان لەسەری ڕێککەوتوون و بە بێ هاتنی نیشانەی زمانی واتاکانیان ئاشکرایە. « زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە تایبەتن بە سیمیۆلۆژیا داکۆکی دەکەنە سەر ئەوەی کە یەکێک لە مەرجەکانی نیشانە هەبوونی ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییە، واتە پێویستە کۆمەڵەکەسێک وا ڕاهاتبن، کە شتێک بە نیشانەی شتێکی تر بزانن»(مشەختی، ٢٠١١: ٤٥). واتا بەهۆی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگا هەمووی ئاشنای ئەو نیشانەیەن، یانیش دەشێت بوترێت« سیمیۆلۆژیا زانستێکە، کە لە تێکستی ئەدەبی و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئاماژە و نیشانەکان دیاری دەکات»(ئەسوەد، ٢٠١٥: ٣٠٣). واتا سیمیۆلۆژیا هەم لە بواری ئەدەبیدا و هەم لە بواری کۆمەڵایەتیشدا دەور دەبینێت و ڕۆڵی هەیە و مانا و ئاماژەی نیشانەکان بە پێی کلتووری کۆمەڵگاکە دیاری دەکات.

لە کۆتاییدا دەڵێین: سیمیۆلۆژیا زانستێکە ئەرکی ئاشکراکردن و خوێندنەوەی نیشانەکانی ناو دەقە، واتا لە ڕێی شیکردنەوەی ئەو نیشانانەوە، خوێنەر شرۆڤەی دەقە ئەدەبییەکە دەکات و واتای بارکراو یاخود دووەمی پشت نیشانەکانی ناو دەقەکە دەدۆزێتەوە. بە پێی زانستی  سیمیۆلۆژی خوێنەر دەبێتە نووسەری دووەمی دەقەکە و بە تێهزرین و تێگەیشتنی خۆی لە دەقەکە و بە هۆی نیشانەکانی ناو دەقەکەوە واتای دووەم بۆ دەقەکە دەستەبەر دەکات چونکە ئەو هۆکارانەی بوونەتە مایەی لە دایک بوونی دەقە ئەدەبییەکە دەدۆزێتەوە و ئاشکرایان دەکات بەڵام ئەو هۆکارە دەرەکیانەی، کە هانی نووسەریانداوە جارێکیتر نا گەڕێینەوە سەریان، واتە لای زانایانی سیمیۆلۆژی لە خودی

دەقەکەوەیە دەست پێدەکەن و دەق دەبێتە سەنتەری توێژینەوە و دەتوانین بڵێین (دەقسەنتەری)ییە.

٢-٣: ئاڕاستەکانی سیمیۆلۆژیا:

سیمیۆلۆژیا زانستێکی تاڕادەیەک ئاڵۆزە، چونکە پەیوەستە بە زمانەوانی و فەلسەفە و لۆژیک و تێکەڵ بە زانستەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ماتماتیک و کیمیا ...تاد، بووە، لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە دوو سەرچاوەیی بووە، ئەوانیش (سۆسێر – پێرس)، بوون، بەڵام دواتر گەشەی کردووە و پێشکەوتووە و چەند قوتابخانە و ئاڕاستەی تر پەیدابوون، کە هەندێک وەک قوتابخانە و هەندێکی تر وەک ئاڕاستە بە ناوی ئەو وڵاتەوە ناوی دەبەن، کە ئاڕاستەی سیمیۆلۆژییەکەی تێدا دەرکەوتووە، بۆ نموونە« قوتابخانەی ئەمریکی، قوتابخانەی فەرەنسی، قوتابخانەی رووسی، هەیانە ئاڕاستەی سیمیۆلۆژی دەدەنە پاڵ داهێنەرەکانیان وەک سیمیۆلۆژیای دی سۆسێر، سیمۆتیکای پێرس-ئاڕاستەی بارت، هێماگەری کاسیر، یان هەیانە لەڕووی رۆشنبیرییەوە جیایان دەکەنەوە وەک سیمیۆلۆژیای زمان، سیمیۆلۆژیای جوانناسی لە (هونەر و ئەدەب)دا، سیمیۆلۆژیای سینەما، سیمیۆلۆژیای لۆژیکی و فەلسەفی، سیمیۆلۆژیای رۆشنبیری» (حمداوی :١٥). واتا پۆلێنکردنەکە بە شێوەیەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە و هەر توێژەرە و بۆ جیا کردنەوەی سنوری لێکدانەوەی بۆچوونەکانیان چەند ئاڕاستە و قوتابخانەی جیاوازیان دەستنیشانکردووە بەڵام ئێمە بە هۆی سنوربەندی توێژینەوەکەمان تەنها ئاڕاستە سەرەتاییەکان باسدەکەین، چونکە ئەم ئاڕاستانە بوونەتە بنەما بۆ ئاڕاستەکانی دواتر، ئەوانیش:

٢-٣-١: ئاڕاستەی دی سۆسێر: (F-de Saussure ١٨٥٧-١٩١٣):

ئەم ئاڕاستەیە بە قوتابخانەی فەرەنسیش ناو دەبرێت، کە دامەزرێنەرەکەی دی سۆسێری زمانەوانی فەرەنسییە و بەرەگەز سویسرییە و کاریگەری دەروونناسی کۆمەڵایەتی بە تیۆرەکەیەوە دیارە، کە نیشانە کیانێکی دەروونییە؛ بۆیە سۆسێر دەنووسێت: «دەکرێ ئەندێشەی زانستێک بکەین، کە لە ژیانی ئاماژە و نیشانەکان بکۆڵێتەوە لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا، کە بەشێک لە زانستی دەروونی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنێت، کە ئەویش بە شێکە لە زانستی دەروونزانی گشتی؛ بۆیە ناوی دەنێت یمیۆلۆجیا کە لە وشەی ئیغریقی سیمییۆن -se mio بە واتای نیشانە لە نووسینەکاندا ناونێکی اارەوانمان پێدەدات پێی دەوترێت سینۆلۆجیا -signol logie» ( مونان و بنیس ٢٠١٥: ٤١). واتا: زانستی سیمیۆلۆژیا کار لەسەر نیشانە و دەلالەتەکانی ناو ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات، کە کۆمەڵگا لەسەریان رێککەوتووە، بۆ راڤەکردنی واتای ناوەوەی دەقی ئەدەبی، کە ئەمەش بەشێکی زانستی دەروونی گشتییە، بەو واتایەی هەر نیشانەیەک و هێمایەک رەهەندێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە پشتیەوە هەیە و خۆی شاردۆتەوە« سۆسێر یەکەم کەسە مژدەی زانستێکی نوێ دەدات لە بارەی لێکۆڵینەوە لە ژیانی نیشانەکان لە ناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا و ئەمەش لە رێگەی ئاشکرا کردنی یاسای نوێوە، کە دەتوانێت شوێنێکی گرنگ لە (مرۆیی، کۆمەڵایەتی) شرۆڤە بکەین لە رێگەی سەر لە نوێ دارشتنەوەی سنوری فۆرمی ئەم کۆنتێکستانەوە» (رەئوف ٢٠١٦: ٥٤).

سۆسێر بۆچوونی وایە سیمیۆلۆژیا دوانەییە وەک(دال=هێماو، مەدلوول=هێمابۆکراو)، کە

پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی لە خۆوەیە و تەنها ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییە، کەواتا بە پێی بۆچوونی سۆسێر هیچ پەیوەندییەک لە نێوان (دال =واتای ئاشکرا و دیار و مەدلوول=واتای شاراوە و نادیار دەگەیەنێت) نییە، چونکە پەیوەندییەکی لە خۆوەییە و تەنها ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییە. بۆ نموونە وشەی (بەرد)، کە لە پیتەکانی (ب، ە، ر، د ) پێکهاتووە هیچ پەیوەندی لە نێوان وێنەی دەنگی بەرد و وێنەی زەینی بەرد دا نییە تەنها ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییە. لای عەرەبەکان بۆ وشەی بەرد (الحجر)بەکاردەهێنن، ئەمەش ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت و هیچ پەیوەندی بە وێنەی دەنگی وشەکە، لەگەڵ واتای وشەکەدا نییە، ئەگەر وانەبوایە دەبوو هەموو خەڵکی جیهان بە یەک زمان قسەیان کردبایە.

لای سۆسێر لەم هێڵکاریەدا ڕوونکراوەتەوە:

هێما (دال)———► هێما بۆ کراو(مەدلوول).

## ٢-٣-٢: ئاراستەی شارلز پێرس-Chrles Peirce – (١٨٣٨-١٩١٤):

ئاراستەی سیمیۆلۆژیای پێرس بە قوتابخانەی (ئەمریکی)یش ناسراوە، چونکە دامەزرێنەرەکەی (شارلز پێرس)ی ئەمریکییە، ئەم زانایە بنەمای تیۆری سیمیۆلۆژی لەسەر نیشانە و دەلالەت و پەیوەندی نێوانیان داناوە، واتا لای پێرس سیمیۆلۆژیا لە نیشانە و مانا و ئەو پەیوەندییە دەکۆڵێتەوە، کە بە شێوەیەکی لۆژیکی لە نێوانیاندا هەیە. واتە پەیوەندییەکە لە خۆوە نییە و پەیوەندییەک لە نێوان ناو و ناولێنراودا هەیە، کەواتا سیمیۆلۆژیا لای پێرس سیانییە یاخود هێما دەکاتە سێ جۆر «جۆری یەکەم ئەو هێمایەیە کە تەواو بە هێمابۆکراو دەچێ، نموونەی ئەمەش وەک نەخشەی خانوو کە وێنەیەکی بچووککراوەی خانووەکەیە، ئەم جۆرەیان ناو دەنێ(ئایکۆنicon) . جۆری دووەم ئەو هێمایەیە کە بەکردار پەیوەندی بە هێمابۆکراوەوە هەیە وەک ئامێرەکانی دیاریکردنی ئاراستەی با، یان وەک میلی کاتژمێر، ئەو جۆرەشیان ناودەنێ (index )جۆری سێیەم ئەو هێمایانان کە هیچ پەیوەندیەکیان بە هێمابۆکراوەوە نیە و تەنیا خەڵکی وا ڕاهاتوون لەسەر پەیوەستکردنیان بە هێمابۆکراوەوە، ئەمانەش وەک وشەکانی قسە کردن و نیشانەکانی هاتووچۆ ئەو جۆرەشیان ناودەنێ (ڕەمزsymbol» (ئیبراهیم، ٢٠٠٩: ٤٥). واتا بەلای پێرسەوە سیمیۆلۆژیا سێ جۆری هێما و هێمابۆکراوی هەیە و لەڕووی فەلسەفە و لۆژیکەوە لێکدانەوە بۆ هێما و نیشانەکان دەکات و پەیوەندی نێوانیان دەدۆزێتەوە.

لای پێرس لەم هێڵکارییەدا ڕوونکراوەتەوە:

هـێـمـــا(دال) ----- پـەیـوەنـدی ------ هێمابۆکراو(مەدلوول).

## ٢-٣-٣: ئاراستەی پەیوەندیکردن:

جۆرج مۆنان یەکێکە لەو کەسانەی بەم ئاراستەیە کاریکردووە و ئاراستەکەش پێکدێت لە کۆمەڵێک کەسی وەک « پریتۆ PRIETO و مۆنان MOUNINو بویسنیس BUYSSENS و گرایس GRICEو ئۆگەستین AUSTINو ڤتگنشتاین WITTGENSTEIN و ئاندری مارتینی MARTINدەگرێتەوە، ئەم ئاراستەیە پێیوایە نیشانە هۆکارە بۆ پەیوەندیکردن، واتا مەبەستی ئاگادارکردنەوەیە، ئەمەش واتا نیشانە لە سێ ڕەگەزی سەرەکی پێکهاتووە :( دال، مەدلوول، کارنامە، یان مەبەست)» (حمداوی ١٩٩٧: ٨٩). بەواتای ئەوەی هەر لەسەر بنەمای دال و مەدلوولی سۆسێر ئاراستەکەیان دامەزراندووە، بەڵام کارنامە-مەبەستیشیان بۆ زیاد کردووە، کە هەریەکە لە دال

و مەدلوول مەبەستێکیان لە پشتەوەیە، بەو مانایەی مەبەستی سەرەکی خۆی شاردۆتەوە و نادیارە بە پێی ئەم ئاڕاستەیە بەدواداچوون بۆ مەبەستی سەرەکی ئەو بابەتە دەکرێت، واتە ئەو نیشانانەی دەقەکەی لێبەرهەم هاتووە بەهۆی ئەم ئاڕاستەیەوە دەدۆزرێتەوە، کە هەمیشە نیشانەکان لای کەسانی ئەم ئاڕاستەیە دەبێت مەبەستێک بدەن بە دەستەوە، ئەگەر مەبەستەکەش دیار نەبێت، ئەوا ئاڕاستەی پەیوەندیکردنەکە سەرکەوتوو نابێت، کەواتا مۆنان لەسەر بنەمای ئاڕاستەی(دال و مەدلوول)ی مامۆستاکەی سۆسێر بووە، بەڵام مەبەستیشی بۆ زیاد کردووە.

دەبینین لای هەر یەک لە دی سۆسێر و پێرس هێما و هێما بۆکراو پەیوەندیان جیاوازە بە شێوەیەک « هێما لای (دی سۆسێر) پێکدێت لە دال، ئەویش وێنەی دەنگییە و مەدلوول چەمکە بەڵام لەلای (پێرس) ئەوا هێما شتێکە ئاماژە بە شتێکی تر دەکات ئینجا لەلای کەسێکەوە بێت لەلایەنێکەوە یان سیفەتێکی دیاریکراو پەیوەندی نێوانیان (الاحالة) یاخود مەرجەعیەتە» (گەردی ٢٠١٦: ١١٦).بەو مانایەی هەریەکە لە دی سۆسێر و پێرس باسی هێما و هێما بۆ کراو دەکەن، بەڵام لای پێرس پەیوەندییەکی لۆجیکی لە نێوانیاندا هەیە، نەک پەیوەندیی لە خۆوەیی وەک لای دی سۆسێر.

لە ئەنجامدا دەگەینە ئەو باوەڕەی، کە زانستی سیمیۆلۆژیا لای هەریەکە لەو زانایە، لێکۆڵینەوە لە نیشانەکان دەکات و واتای دیار و واتای حەشاردراوەی ناوەڕۆک ئاشکرا دەکات، بەو مانایەی هەردووکیان کار لەسەر نیشانە و پەیوەندی نێوانیان دەکەن، بەڵام پەیوەندییەکە لای سۆسێر دوانییە و لای پێرس سیانییە و لای مۆنانیش هەروەکو مامۆستاکەی (سۆسێر) پەیوەندییەکی دوانییە.

## ٣-تەوەری دووەم: سیمیۆلۆژیای وشە

وشە بچوکترین دانەی واتاداری زمانە، ئەمە پێناسەی وشەیە بە تەنها، بەڵام لەناو ڕستە و دەقی ئەدەبیدا و بەتایبەت لە ناو دەقی شیعریدا بە بێ زانینی سیاق و دەوروبەری وشەکە ناتوانین واتا و ڕەهەند و دەلالەتی سیمیۆلۆژی هەر وشەیەک دیاری بکەین؛ بۆیە پێویستە دەقە شیعرییەکە بخوێنینەوە و ڕاڤە و شیکردنەوەی بۆ بکەین و بە پێی ئەو سیاقەی وشەکەی تێدا هاتووە واتای دووەم یاخود بارکراوی پشتەوەی وشەکان بدۆزینەوە.

سیمیۆلۆژی چەند وشەیەک لە ناو شیعرەکانی شاعیر ئەحمەد محەمەد دا باس دەکەین لەوانەش: (ڕەنگ، ناو، سروشت)

### ٣-١:ڕەنگ

ڕەنگ بریتییە لە سیفەتی هەموو ئەو تەنانەی لە گەردووندا هەن و دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی هەر یەکە لەو تەنانە، هەروەها وەکو ناسنامەیەکە بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتری. ڕەنگەکان دەبنە هۆکاری بەخشینی جوانی و سەرنجڕاکێشانی مرۆڤ بۆ ئەو تەنانەی کە دەورەیانداوە، بە پێی زانستی فیزیکی«ڕەنگ بریتییە لەو شەپۆلە ڕووناکییە جوڵاوانەی کە چاو هەستیان پێدەکات»( ڕەئوف ٢٠١٧: ٤٥٧). واتا تۆڕی چاو دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی ڕەنگەکان و هەست پێکردنیان، کە لە ڕێگەی شەپۆلەکانی ڕووناکییەوە بەرهەم دێن. ڕەنگ«یەکێکە لە هۆیەکانی گەیاندنی پەیام لە نێوان مرۆڤەکان، هەروەها هۆیەکە بۆ ئاشنا بوون و نزیکبوونەوەی تاکەکان لە یەکتری لە ناو کۆمەڵگادا، دەبێتە مایەی پێکەوە ژیان لەگەڵ یەکتری»(کریم ٢٠٢٣: ١٠). چونکە ڕەنگەکان لە سروشتەوە سەرچاوەیان گرتووە، مرۆڤیش خولیای سروشتە

کە زۆر جۆر ڕەنگی ئاڵا و واڵای تێدایە و مرۆڤ زۆر جار هۆگری هەندێکیان دەبێت و پێی جوانە و هەندێکی تری پێ جوان نییە.

ڕەنگی ڕەش لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆ مەسەلەی پرسەدارییە و کاتێک کەسێک ڕەنگی ڕەش دەپۆشێت بە بێ هاتنی ئاماژەی زمانی، هەر بە بینینی ڕەنگەکە بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو کەسە پرسەدارە یان لە ناخەوە دا ڕووخاوە و نائومێد بووە لە ژیاندا؛ بۆیە ئەو ڕەنگەی پۆشیوە، بە بێ ئەوەی هیچ ئاخاوتن و دەربڕینێک بڵێت. ڕەنگەکان ڕەهەندێکی دەروونیان لە پشتە و بە پێی کۆمەڵگاکانیش دەگۆڕێن، وەک کۆمەڵگای کوردەواری ڕەنگی ڕەش بۆ مەسەلەی پرسەداری دەپۆشرێت. لای هیندییەکان بۆ پرسەگرتن ڕەنگی سپی دەپۆشن، کەچی ڕەنگی سپی لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕەنگی ئاشتی و ئارامییە. دەروونی و پاکی و بێگەردی و ڕووناکی و هیوایە، کەواتا ڕەنگەکانیش پەیوەندی بە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. وەک لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕەنگی ڕەش زۆرجار واتای شومی هەیە وەک: قەلەڕەش، پشیلەی ڕەش، مریشکی ڕەش.... تاد، کە ئەمانە واتای ڕەشبینی دەگەیەنن و خەڵکی لێیان دەترسێت.

ڕەنگ هەندێکجار دەتوانێت کەسایەتی مرۆڤ پیشان بدات و ئاشکرای بکات، چونکە ڕەنگەکان واتا و دەلالەتی جیاوازیان هەیە و هەر ڕەنگە و دەلالەتێک دەگەیەنێت و بۆ واتا و مەبەستی تایبەتی بەکاردەهێنرێن، بەو جۆرەی «ڕەنگەکان خاڵی نین لە دەلالەتە ئیستاتیکییەکان، هەندێ جاریش گوزارشتی ڕەمزین، لەبەر ئەوەی ڕەنگەکان وێنەیەکن گوزارشت لە بابەتی ژیان و هوڵچوونەکانی هونەرمەندان دەکەن» (ڕەئوف، ٢٠١٧: ٤٥٩). واتا شاعیر و نووسەران ڕەنگیان کردووە بە هۆکارێک بۆ دەربڕینی هەستی تایبەتی خۆیان و یان بۆ واتا و دەلالەتی جیاواز بەکاریاندەهێنن، کە لەوانەیە مەدلوولەکەیان هەمان واتای ڕەنگەکە نەدات بەدەستەوە.

ڕەنگەکان کاریگەرییان لەسەر دەروونی شاعیران هەیە، چونکە کاتێک ئەو ڕەنگە «بە وزەیەکی ڕووناکی کە دەچێتە ناو جەستەوە و خانەکانی مێشک ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش دەبێتە هۆی دەردانی هەندێک هۆرمۆن، کە کۆمەڵێک لە پرۆسە فیسیۆلۆژوییەکان بەرهەم دەهێنن و بەم شێوەیە ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵی بەسەر بیرکردنەوە و میزاج و ڕەفتارماندا دەکەن» (ایمان ٢٠٢٠: ٧٣) واتا کاریگەری ڕەنگەکان دەبنە هۆی خۆشی و ناخۆشی، ئەمەش یان بە هۆی ڕەنگاوڕەنگی ڕەنگەکانەوە دەبێت یان بەهۆی تیشکی ڕووناکی ڕەنگەکانەوە دەبێت و مرۆڤ بێئەوەی هەستی پێ بکات کاریگەرییان لەسەری دەبێت. «ڕەنگ توانای بەسەر هەستی مرۆڤدا هەیە؛ بۆیە ڕەنگ هەیە چەشەی یەکێک تێک بداو بەڕەنگێکی تر دڵی بکرێتەوە» (عزیز و محەمەد ٢٠١٩: ١١٥). واتا ڕەنگ هەیە هەستی مرۆڤ تێک بدات هەندێک لە ڕەنگەکان وای لێدەکەن هەستێکی خۆشی لا دروست بێت، یان ڕەنگێک زاڵتر بێت لە ڕەنگێکی تر یان دڵخۆشی دەکەن بە تایبەتی ڕەنگی کراوەی وەک :سوور، زەرد، پرتەقاڵی....تاد، ئەمانە بە ڕەنگی گەرمیش ناسراون، چونکە کاریگەری هەڵچوون و سۆزداری و جۆش و خرۆش لای مرۆڤ دەورووژێنن، بە پێچەوانەی ڕەنگە داخراوەکانی وەک: ڕەش، سەوز، نیلی...تاد، ئەمانەش ڕەنگی تۆخن و زۆرجار کاریگەری نەرێنی لەسەرهەستی مرۆڤ دەکەن و بەڕەنگی سارد ناسراون. بەهەمان شێوە ڕەنگەکان کار لە سەر دەروونی شاعیران دەکەن و لە ناو شیعرەکانیاندا

وەکو ڕەمزێک بۆ واتا و دەلالەتی تایبەتی خۆیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەکاردەهێنن، وەک سووربوونەوەیان بەواتا و ڕەمزی نەخۆشی و تووڕەیی بەکارهێناوە، یاخود ڕەشمار وەک ڕەمزێک بۆ پرچی ئافرەت بەکاریانهێناوە، یان بەفریان بۆ پرچی سپی - پیری بەکارهێناوە. ئەم ڕەمزانە ڕاستەوخۆ واتاکانیان لە ڕواڵەتی وشەکانەوە دەست ناکەوێت، بەڵکو واتاکانیان لە دەرەوەی چەمکی وشەکە دایە، ئەمەش وادەکات، کە ڕەنگ وەکو ڕەمزێک و هێمایەکی ئەدەبی لە دەقی ئەدەبیدا بەکاربهێنرێت.

هێما و کۆد لە ئەدەبدا«یەکێکە لە سیما ناوازەکانی شیعری نوێ کە لە شیعری کۆن جیای دەکاتەوە، بەکارهێنانی خەیاڵ و ئەفسانەیە، لە شیعری شاعیرانی هاوچەرخدا؛ بۆیە شاعیران لە لایەک ئامادە بوونی کارا و کاریگەری ڕەنگەکان وەک ڕەمز و کۆد دەبینن و لە لایەکەی دیکەشەوە فرە جۆری لە دایک بوونیان و فراوانبوونی وێنە و هونەرە» (ئەحمەد ٢٠٢٠: ١١٧).ئەمەش وا لە شاعیر دەکات کە بیر و خەیاڵی بە هێز بێت و وێنەی ڕەنگین و ناوازە بەدەست بهێنێت، بە جۆرێک وەکو هۆکارێک بێت بۆ گواستنەوەی بیر و خەیاڵی شاعیر بۆ ناو شیعرەکانی هەروەکو لە پێشتریش ئاماژەمان پێداوە«ڕەنگ وەک چۆن ڕۆڵی پڕ بایەخی لە نیگار کێشاندا هەیە، بە هەمان شێوەش لە ئەدەب بە گشتی و لە شیعر بە تایبەتی کاریگەر و دیارە» (عەزیز و محەمەد، ٢٠١٩: ١١٧)، واتا بە پێی جیاوازی سەردەم و کەسەکان یاخود شاعیرەکان ڕەنگەکانیش جیاواز دەبن و دەگۆڕێن یان بە پێی تەمەن ڕەنگەکانیش دەگۆڕێن، واتا کاتێک کەسێک بە تەمەندا دەچێت لەوانەیە تەنها ڕەنگی تۆخ یان مات بپۆشێت، بە پێچەوانەی کەسێکی تری گەنجەوە، کە لەوانەیە تەنیا ڕەنگی کراوە بپۆشێت و لە کۆمەڵگاشدا ڕەخنەی لێنەگیرێت و ئاسایی بێت، لەگەڵ ئەوەی ئەمەش بە پێی ژینگە و کۆمەڵگاکانیش دەگۆڕێت و جیاوازە.

شاعیر ئەحمەد محەمەدیش یەکێکە لەو شاعیرانەی (ڕەنگی) بەواتای جیاواز بەکارهێناوە، کە هەر ڕەنگێک چەمک و دەلالەتێک دەگەیەنێت و لە دیوانەکەیدا ڕەنگ بە شێوەیەکی بەرفراوان دەبینرێت، هەر وەکو ئەم نموونانەی خوارەوەدا:

شاعیر لەدەقە شیعرێکی بە ناونیشانی (ئەمشەو)دا، ڕەنگی ڕەشی بەکارهێناوە، کە ڕەنگێکە بۆ تاریکی و تەنهایی و خامۆشی پرسەداری و دەڵێت:

ئەمشەو تاریکی پەست و ماندووە
بەرگی پرسەی خۆی لەبەر کردووە
ئەمشەو تەنیایی دڵم ئەشکێنێ
هەناسەی قوڵم پای ئەتاسێنێ
بەڕەنگی ڕەشی چلەی گرتووە
لەناو تاریکی دڵمی ناشتووە
ئەمشەو بارەش و ڕەهێڵەو زریان
هەورە بەسەریان کەو تۆتە گریان (محەمەد٢٠١٧: ٣١٨)

ڕەش

مەدلولی١: ڕەنگ، تاریکە، ترسناکە، ...تاد.

مەدلولی٢: لای شاعیرغەمباری، دڵتەنگی، پرسەداری...تاد.

بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش لای شاعیر واتای تایبەتی خۆی هەیە وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی کورد، کە ڕەنگی ڕەش کاریگەری نەرێنی هەیە و شاعیرش بەهۆی ئەم ڕەنگەوە هەستی ناخۆشی خۆی دەربڕیوە، چونکە ئەم ڕەنگە تایبەتە بە پرسەداران و غەمباری، ئەگەر چی هەندێک کەس

بۆ جوانیش دەپیۆشن، بەڵام ئەم ڕەنگە لە كۆمەڵگای كوردەواری و زۆرێک لە میللەتانی تریش بۆ پرسە دانان دەپۆشرێت، وەک عەرەبەكان و فارسەكان ...تاد.

ڕەنگی ڕەش و تاریكی شەو هەمان واتایان هەیە و واتای خامۆشی و تەنیایی و ...تاد، دەگەیەنێت و شاعیر دەیەوێت لە ڕێگای تاریكی شەوەوە هەستی دڵتەنگی خۆی دەربڕێت، كە ماندوو بووە لەو حاڵ و گوزەرانەی تێیدایە و گلەیی لە حاڵ و گوزەرانی خۆی دەكات و بە تاریكی شەوی دەچووێنێت.

شاعیر لە دەقە شیعرێكی تردا بەناو نیشانی (كینە) كە ڕەنگی زەردی بەكارهێناوە و دەڵێت:

لە پاییزا گەڵای ڕوحم زەرد ئەبێت و هەڵناوەرێ
زۆر حەز دەكەم مەلی دڵم، لە سینەمدا بێتە دەرێ
(محەمەد ٢٠١٧: ٢٥٠)

زەرد

مەدلولی١: ڕەنگێكی گەرمە.

مەدلولی٢: نائومێدی و ڕەشبینی، نەخۆشی و ...تاد.

شاعیر ڕەنگی زەردی وەكو واتای فەرهەنگی ڕەنگەكە بەكارنەهێناوە، بەڵكو مەدلوولی دووەمی زەرد هێمایە بۆ بێ تاقەتی شاعیر لە وەرزی پاییزدا و ئەم ڕەنگەی بە ناخی خۆی چواندووە، زۆرجار بە كەسێک دەڵێن ڕەنگی زەردە، كە نەخۆشی دەروونی یان جەستەیی هەبێت، یان كاتێک دڵی تەنگە و خەفەتبارە زەرد واتای لەناوچوون و زەبوون و هەڵوەرین و مردن دەگەیەنێت، بەڵام شاعیر بە واتا و مەدلوولی ڕوحی خۆی بەكاریهێناوە، كە هێندە نائومێدە و هەست دەكات لە وەرزی پایزدا لە مردن نزیكە، چونكە گەڵای ڕوحی زەرد ئەبێت، بەڵام هەڵناوەرێت. واتا خەمەكانی ئەگەر چی هێندەش كۆنن، بەڵام بەشێوەیەک دڵ و دەروونیان داگیر كردووە، ناتوانێت هەرگیز لە سینەیدا بیانكاتە دەرێ و لەگەڵ تەمەنی خۆیدا گەورە دەبن و جێی ناهێڵن.

شاعیر لە شیعری (بێدەنگی شار)دا ڕەنگی سووری بەكارهێناوە دەڵێت:

كەی پەیامی بەهار وابوو گوڵاڵەی سوور هەڵوەرێنێ
بۆ سەر چۆپی ئەم نەورۆزە نێرگز لە خاک بتۆرێنێ
(محەمەد ٢٠١٧: ٣٨)

گوڵاڵەی سوور

مەدلولی ١: گوڵێكی سوورە لە مانگی چوار لە بەهاردا دەڕوێت، ڕنگێكی ناسک و سەرنج ڕاكێشی هەیە.

مەدلولی٢: لای شاعیر بۆشەهیدبوونی كۆمەڵێک كەس بەكاریهێناوە و ڕەمزە بۆ خوێنڕژان.

كاتێک دەقی شیعرەكە دەخوێنیتەوە، دەبینین شاعیر چەند وشەیەكی بەمەبەستی واتای خۆیان بەكار نەهێناون و واتا و دەلالەتی تری داونەتە پاڵ و وشەكانی لە واتای فەرهەنگی خۆیان داماڵیون و بۆ واتا و مەبەستی تایبەتی خۆی بەكاریهێناون، وەک ڕەنگی سوور بە واتای گشتی بۆ ڕەنگی خوێن و قوربانیدان بەكاردەهێنرێت و شاعیریش هەر بۆ هەمان مەبەست و دەربڕینی هەستی ناخۆشی خۆی بەكاریهێناوە.

شیعری (بەهار) ڕەنگی تێداهاتووە و شاعیر دەڵێت:

بەهاری من ڕوحی زیندووی ناو مناڵیم، دەوەرەوە
بە سەوزایی من داپۆشە، تۆ نیگای من شینكەرەوە
من چوار وەرزە چاوڕێی تۆم، لە نیشانەی تۆ ئەگەڕێم
كە تۆ دەڕۆی پیرم ئەكەی، لەگەڵ تۆدا هەمیشە نوێم
(محەمەد ٢٠١٧: ٢٨٩)

شین

مەدلولی ١: ڕەنگ

مەدلولی ٢: لای شاعیر بە واتای ژیانەوە و

نوێبوونەوەی نیگای چاوی بەکاریهێناوە.

لەم دەقەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە شاعیر(وشە)ی ڕەنگی (شین)ی بۆ واتای خۆی بەکارنەهێناوە، کە ڕەنگێکە مرۆڤ بەبینینی دڵی دەکرێتەوە، بەڵکو وشەکەی لە واتای فەرهەنگی خۆی دووجار دووری خستۆتەوە، واتای یەکەم بەواتای ژیانەوە و شین بوونەوەی گژوگیا دێت و شاعیر وشەکەی لەو وەرگرتووە، واتای دووەمی بۆ ژیانەوەی نیگای چاوی بەکاریهێناوە، بەمەش شاعیر وشەکەی لەواتای فەرهەنگی خۆی داماڵیوە و بۆ واتا و مەبەستی خۆی بەکاریهێناوە، ئەمەش بە پێی سیاق و شوێنی وشەکە دەردەکەوێت و واتا و مەدلوولی دووەمی پشت وشەکە ئاشکرا دەبێت و دەدۆزرێتەوە.

٣-٢:ناو(کەسایەتی):

ناو، وشەیەکە بۆ ناو نانی مرۆڤ و گیانەوەر و تەنە بێ گیانەکانی دەوروبەرمان و ناسینەوە و جیاکردنەوەیان لە یەکتری بەکاردەهێنرێت. ناو: « وشەیەکە بۆ ناو نانی کەسێ یان شتێک بە کاردەهێنرێ، وەک: شاسوار، گەلاوێژ، هەڵۆژە، بەراز، دهۆک » (دزەیی ٢٠١٣: ٦٥) واتا ناو بۆ ناونان و ناسینەوەی کەسێک شتێک یان شوێنێک بەکار دەهێنرێت. کەسایەتی، بریتییە لە هەموو ئەو سیفاتانەی لەناخی کەسێکدا هەن و بەهۆی ناوێکەوە، کە بە پێی زانستی سیمیۆلۆژی نیشانە یان هێمایەکە و نیشانەکراویشی هەر بیرکردنەوە و سیفاتێکی دەگرێتەوە کە لە دەروونی ئەو کەسەدا هەبێت، وەک: ئازایەتی و ڕووخۆشی و زیرەکی و ئیرەیی و تورەیی و ...تاد، ئەمانە بە شێوەیەکی چڕکراوە لەو کەسایەتییەدا کۆدەبنەوە. دەشێ هەر مرۆڤێک کەسایەتی تایبەتی خۆی هەبێت و پێی بناسرێتەوە، ئەگەر یەک دوو دانەش لە و سیفەتانەی باسمانکردن تێیدا هەبێت.

کەسایەتی لە کاری ئەدەبیشدا زۆرجار وەکو هێما و ڕەمزێک دەردەکەون، کە ڕۆڵیان هەبووە لە کۆمەڵگادا، جا ئەو کەسایەتییە کەسایەتی ئاینی، کۆمەڵایەتی، ئەفسانەیی، قارەمانێتی و دڵداری... تاد، بن بە شێوەیەک بناسرێن کە بەپێی زانستی سیمیۆلۆژیا ناوەکەی کە بە دالی سیمیۆلۆژی دابنرێت و مەدلوولەکەشی هەموو ئەو سیفاتانەی دەگرێتەوە بە ناوهێنانی کەسایەتییەکە بە شێوەی نیشانە بۆکراو بەرجەستەن. ئەمەش ئاسانکاریمان بۆ دەکات لە کورتکردنەوە و چڕکردنەوەی هەموو ئەو سیفاتانە، کە لەو کەسەدا هەن هەروەکو .فلیپ هامون دەڵێت: «کەسایەتی یەکەیەکی دەلالییە، بەو پێیەی مەدلولێکە و شیاوی لێکدانەوە و وەسفە، وا سەیری کەسایەتی دەکرێت، کە ناوێک بێت بەدوای مانادا بگەڕێت، یاخود دالێک بێت بە دوای مەدلولەکەیدا بگەڕێت» ( ڕەئوف، ٢٠١٦: ٣٥٧) . واتا کەسایەتییەکە وەکو دالی سیمیۆلۆژیایە و مەدلوولەکەشی هەموو ئەو سیفات و واتایانە دەگرێتەوە، کە دەلالەت لە ناساندنی ئەو کەسایەتییە دەکەن .

کاتێک شاعیر لە دەقە شیعرییەکانیدا ناوی کەسایەتییەکان بەکاردەهێنێت، کاریگەری لەسەر دەقە شیعرییەکە دەبێت، چونکە لە دەقی شیعریدا ناوەکە وەک نیشانەیەکە، بۆ کەسایەتییەک، شوێنێک، ڕووداوێک، کە کۆمەڵێک مەدلوولی لە ناو خۆیدا هەڵگرتووە و بە پێی زانستی سیمیۆلۆژی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و هەموو ئەو واتا و دەلالەتانەی لەپشت ناوەکەوەن ئاشکرا دەکرێت. «جاری واش هەیە خودی ناوەکان دەبنە ناونیشانی دەقەکان، ئیدی شیعر بێت، یان چیرۆک و ڕۆمان،

لەگەڵ ئەمەشدا لێکۆڵینەوە لەسەر پەیوەندی نێوان ناوەکە و کەسایەتییەکە، ناو و ناونیشان دەکرێت» (ڕەئوف، ٢٠١٦: ٣٥٩). واتا ناونیشان دەکرێت هەر ناوی کەسایەتییەکە بێت.

ئەحمەد محەمەدیش یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لە دەقە شیعرییەکانیدا کەسایەتییەکانی وەکو ناونیشان و ڕەمز هەڵبژاردوون، کە کۆمەڵێک مەدلوول و دەلالەتی واتایی لە پشت ناوی کەسایەتییەکانەوە هەن بۆ نموونە:

شاعیر لە شیعرێکیدا بە ناونیشانی (وێنە)، باسی چەند کەسایەتییەکی قارەمانی شاری سلێمانی دەکات و دەڵێت:

هەموو ڕۆژێ خۆرێکی گەش دەڕوانێتە سلێمانی
لەژێر سەر پۆشی هەورەوە، لەپزێرینە چیاکانی
سەرچاوەی شیعر و هونەرە دوا هەوار میری بابان
هێندە جوانە پاییزانیش شار دەبێتە بەهارستان
دوا ئەوینی عەولەسیس و لالەزاری مامەیارە
دەنگدانەوەی ڕاپەڕین و نەورۆزێکی نۆ بەهارە
بەخوێنی گەش ئاودراوە شار و لانەی مەلیک مەحمود
ناگەن بە جوانی ئەم شارە هەزار باخی لالە و نەمرود
(محەمەد، ٢٠١٧: ١٦٠).

عەولەسیس

مەدلوولی١: کەسێکی چاپچی بووە.

مەدلوولی٢: کەسایەتیەکی ئازا و قارەمان و چاپووک بووە، دژی حکومەتی ئەوکات بەشداری خۆپیشاندانی کردووە.

مامەیارە

مەدلوولی١: ئەفسەربووە لە سوپای بابان.

مەدلوولی٢: سوارچاک، ئازا و چاونەترس، بوێر بووە.

مەلیک مەحمود

مەدلوولی١: مەلیکی سلێمانی بووە لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو.

مەدلوولی٢: شاری سلێمانی.

شاعیر لەم دەقە شیعرییەدا باسی چەند کەسایەتییەکی شاری سلێمانی دەکات و ناوەکانیان وەکو دالێکن، کە چەند مەدلوولی لە ناو خۆدا شاردۆتەوە، وەکو عەولەسیس، کە هێمایە بۆ کەسایەتییەکی چاپچی شاری سلێمانی، کە ئەم پیاوە ئازا و قارەمانە بەشداری خۆپیشاندانەکانی ڕاپەڕینی بەردەرکی سەرا دەکات و هەر لەوێ لە ساڵی ١٩٣٠ شەهید دەکرێت و دەبێتە سمبولی ئازایەتی و جوانمێری.

مامەیارەش یەکێکە لە ئەفسەرەکانی میر نشینی بابانەکان و ئەسپ سوار و سوارچاکی ئەحمەد پاشای بابان بووە و کاتێک عوسمانییەکان هێرش دەکەنە سەر شاری سلێمانی و ئەحمەد پاشای میری بابان و سوپاکەی دەشکێن و هەڵدێن، بەڵام مامەیارە بەتەنها ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە و تا تەقەمەنی و پێداویستی شەڕی لا دەمێنێت بەرگری دەکات. دواتر بە زامداری دەکەوێتە بەر دەستی عوسمانییەکان بەدیلی دەیگوازنەوە بۆ ئەستەمبوڵ بەڵام نایکوژن. ئەمەش ناوەکەی هێمایە بۆ چەند مەدلوولێکی ئەو کەسایەتییە وەکو ئازایەتی و چاونەترسی و شۆڕە سواری ئەو پیاوەمان بۆ دەردەخات. لە تەمەنی پیریدا دێتەوە بۆ سلێمانی و دوای کۆچی دوای لە گردێک بە خاک دەسپێردرێت، ئەم گردەش بەناوی مامەیارە ناودەنێن و دەناسرێت.

شاعیر هەر لەم دەقە شیعرییەدا، ناوی کەسایەتی مەلیک مەحمودیش دێنێت، کە وەک دالێک، چەند واتا و دەلالەت لە پشت ناوی ئەم کەسایەتییەوە هەیە، کە کەسێکی یاخود سەرکردەیەکی ئازا و چاپووک و دلێر بووە و لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، حکومەتی کوردی لە ژێر چاودێری ئینگلیزەکان

ڕاگەیاندووە و فەرمانڕەوایی ناوچەی سلێمانی و کوردستانی کردووە، لە کۆتایدا لەگەڵ ئینگلیزەکان بەینی تێک دەچێت و لە شەڕێکدا لە دەربەندی بازیان دەکەوێتە بەردەستی ئینگلیزەکان و بەدیل دەیگرن.

٣-٣:سروشت:

سروشت هەموو ئەو دروستکراوانە دەگرێتەوە، کە لە دەوروبەرماندا هەن و دەیان بینین جگە لە مرۆڤ، جا ئەو دروستکراوانە لە زەوی بن یان لە ئاسمان. «ژینگەی سروشتی بریتییە لە هەموو بوونەوەرە زیندووەکان و تەنە مردووەکان، کە بە شێوەیەکی سروشتی لەسەر گۆی زەوی یان لەسەر هەندێک لە هەرێمەکان هەنە، ئەمە، واتە ژینگەی سروشتی ئەو ژینگەیە، کە کارلێکردنەکانی هەموو جۆرە بوونەوەرە زیندووەکان لە خۆ دەگرێت» (نەقشبەندی، ٢٠١٧: ١١).واتە ئەوەی لە ناو ژینگەدایە بە گیاندار و بێ گیانەوە ، جگە لە مرۆڤ دەگرێتەوە. د.فازیلیش ڕای وایە سروشت بە گشتی بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبێت:

٣-٣-١: سروشتی بێ گیان(نازیندوو): ڕەگەز و دیاردەکانی زۆرن وەک زەوی و ئاسمان، ئەستێرە و دەریا، ڕووبار، دەشت شاخ و دۆڵ...هتد کە ئەمانە و هەموو جۆرەکانیان سروشتی ڕاستەقینەیان پێ دەوترێت، سروشتی دەستکردیش وەک خانو و کۆشک و دێهات و شوێنەوار و بەست...هتد دەچنە ڕیزی ئەم جۆرەوە.

٣-٣-٢:سروشتی زیندوو: هەموو باڵندە و ڕووەک و ئاژەڵ و گیان لە بەرێک دەگرێتەوە جگە لە مرۆڤ. (مەحمود، ٢٠٠٧: ١٥). واتا ئەم دروستکراوانە چ خۆرسک بن یان دەستکردی مرۆڤ، بە دیاردەی سروشتی ناو دەبرێن .

ئەو دیمەنە سروشتیانەش زۆربەی کات دەبنە مایەی ئیلهام و هەوێنی شیعر لای شاعیران و بە بینینی ئەو سروشتە جوانانە هەستیان دەجووڵێت و ئیلهامی شیعریان بۆ دێت، چونکە ئەو دیمەنانە بەڕادەیەک دڵڕفێنن، کە هیچ مرۆڤێک نییە پێیان کاریگەر نەبێت و حەز بە بینینیان نەکات، تەنانەت کاتێک مرۆڤ بێتاقەت دەبێت حەز و خولیای چوونە دەرەوەی لا دروست دەبێت و بە بینینی دیمەنەکانی سروشت ئاسوودەیی و ئارامی بەسەر دڵ و دەروونیدا دێت، بەڵام هەندێک جار دیاردەی سروشتی ناخۆشیشمان هەن دەبنە مایەی کاریگەری نەرێنی و لای شاعیر هەستێکی ناخۆش دروست دەکات.

شاعیر ئەحمەد محەمەدیش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بێبەش نییە لەو کارتێکردنەی، کە لە دیمەنەکانی سروشتەوە بۆی دێت و لای شاعیر دەقێکی تر لە دایک دەبێت. لێرەدا دەمانەوێت چەند دەقێکی شیعری شاعیر بە پێی زانستی سیمیۆلۆژی لێک بدەینەوە و ڕاڤەیان بکەین، کە سەرچاوەکەیان دیاردەی سروشتین بۆ نموونە: شاعیر لە کۆپلەیەکی شیعرێکدا بە ناونیشانی (یاد) دا دەڵێت:

گەرچی سەرابە دڵی خامۆشم
بۆ دیداری تۆ پڕ گوڵی ئاڵە
من لە خەم زیاتر هیچ کەس ناناسم
هەناسە و ئاهم شنەی شەماڵە (محەمەد، ٢٠١٧: ١٢٧)

گوڵ

مەدلوولی١: جوانی، ناسکی، بۆنی خۆش، بەشێکە لە سروشت،...تاد.

مەدلوولی٢: سەرەتا وئەوپەڕی ژیانەوە و گەشە و زیندوێتی.

بەپێی لێکدانەوەی سیمیۆلۆژی لەم کۆپلە

شیعرییەدا شاعیر چەند وشەیەکی سروشتی بەکارهێناون، کە هەر یەکەیان جوانی و سروشتی تایبەتی خۆیان هەیە و شاعیر بۆ لێکچواندن بە ژیانی خۆی بە کاریهێناون، کە واتای دووەمیان یان مەدلوولی پشتەوەیان تایبەتە و مەبەستی تایبەتی و سەرەکی شاعیریان لە پشتە، کاتێک باسی دڵی بێدەنگی دەکات کە وەک سەراب گەرمە، بەڵام بۆ دیداری خۆشەویستەکەی پڕە لە گوڵی ئاڵ، واتا: دڵی بۆ ئەو زیندووە و لەو پەڕی باشی و خۆشی دایە، بەڵام بۆ خۆی بە پێچەوانەوە وەک سەرابە، کە دوورە لە ڕاستی واتا هەر بوونی نییە.

شنەی شەماڵ

مەدلوولی١: بایەکی فێنک و سارد و هێواشە، بەشێکە لە سروشت.

مەدلوولی٢: هەناسەی وەک شنەی شەماڵ هێواش و سارد و سرە.

شاعیر وشەی سروشتی شنەی شەماڵی بۆ واتای فەرهەنگی خۆی بەکارنەهێناوە، کە بایەکی فێنک و لەسەر خۆیە و کاتێک هەڵدەکات مرۆڤ پێی بێزار نابێت، بەڵکو بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی باکاریهێناوە، کە هەناسە و ئاهی بەجۆرێک هێواشە کە نیشانەیە بۆ نەخۆشی و ساردە لەو بایە دەچێت.

شاعیر لە دەقە شیعرێکی تردا بە ناو نیشانی (بارەش)دا دەڵێت:

ئای لە <u>بارەشی</u> خەمبار، دیسان <u>گەڵای هەڵوەران</u>
<u>پاییزی</u> گرتە باوەش، سەراپا باخ و بێستان
فرمێسکی هەوری ئاسمان، دڵدانەوەی گوڵان بوو
لەگەڵ وەرینی گەڵا، تەمەنی دار بەسەر چوو
هەرگیز ناگەڕێنەوە، ڕۆژەکانی بەهاری
سێبەری مەستی داران، گشتی بوونە یادگاری
(محەمەد ٢٠١٧: ١٧٦)

بارەش

مەدلوولی١: ڕەشەبا، بایەکی بە قوەتە کاتێک هەڵدەکات تۆز و گەردەلوولی لەگەڵدایە، سەرچاوەشە بۆ گواستنەوەی تۆوی ڕووەک و پیتاندن.

مەدلوولی٢:لای شاعیر، بارەشی بۆ دەلالەت لە کارەساتێکی ناخۆش، خەماوی، دڵتەنگی، بێتاقەتی بەکارهێناوە، سەرچاوەیە بۆ کارەسات و کاولکاری.

گەڵای هەڵوەران

مەدلوولی١: ئەو گەڵایانەی لە دار دەبنەوە و دەکەونە سەر زەوی.

مەدلوولی ٢: لای شاعیر، کوژران، مردن، کۆچی بەکۆمەڵ....تاد.

پاییز

مەدلوولی١: پاییز وەرزی زەرد بوونی گەڵای دار و هاتنی سەرما و سۆڵەیە.

مەدلوولی٢: خەزان، هەڵوەرین، دڵتەنگی، لە ناو چوون و نەمان و وشک بوون ...تاد.

کاتێک دەقەکە دەخوێنینەوە بە پێی سیمیۆلۆژیا، کە شاعیر هەر لە ناونیشانەکەیەوە بارەش، ناوێکی سروشتییە و دەلالەت لە هاتنی بایەکی بەهێز دەکات، کەلای زۆربەی مرۆڤەکان بایەکی ناخۆشە و تۆز و خۆڵاوییە، کە لەناو دەقەکەشدا دووبارە باسی ئەو بایەدەکات، کە واتا و مەدلوولی دووەمی پشت وشەکە کارەساتێکی ناخۆشە و بەسەر میللەتەکەماندا هاتووە. دواتر ناوی وەرزی پاییزی هێناوە، کە بەلای هەندێک لە مرۆڤەکانەوە وەرزێکی ناخۆشە، بە پێچەوانەشەوە، لای هەندێکی تر وەرزێکی خۆشە. وەرزی خەزان و هەڵوەرینە و شاعیریش بە واتای هەڵوەرینی ڕۆڵەکانی نیشتیمان بەکاریهێناوە، کە وەک گەڵای دار چۆن لەم وەرزەدا دەوەرێت هەڵیان دەوەراند و دەمرن و لەگەڵ هەڵوەرینیشیان تەمەنیان بەسەر چوو و نەمان. هەرگیز ناگەڕێتەوە ڕۆژەکانی بەهاری، شاعیر مەبەست و دەلالەتی لە

هێنانی ئەم وشەیە بۆ ئەو ڕۆژانەیە، لەسەرەتای تەمەنیدا بووە و لەوپەڕی هێز و توانای جەستەییدا بووە و بە خۆشی ڕۆژەکانی ژیانی بەڕێکردوون و بە ڕۆژگاری بەهاری چواندوون لە خۆشیدا. واتا شاعیر لەم دەقەیدا کۆمەڵێک وشەی سروشتی بۆ مەبەست و واتای تایبەتی خۆی بەکارهێناون، کە هەمان واتای فەرهەنگی وشەکان نادەن بە دەستەوە.

لە دەقێکی تردا بە ناونیشانی(دڵ وەرین)دا دەڵێت:

ئەی شنەی با لە من هەڵکە تا دڵ هەناسەی پێ ماوە
هەتا خەزان بەیەکجاری چۆکی بە گوڵ دانەداوە
تاکو بەفر نەیگۆڕیوە ڕەنگی قژ و سەر و سیمام
عەقڵم هێشتا کاڵ و فامە لە نێوانی هەردوو دنیام
(محەمەد ٢٠١٧: ٢٧١)

بەفر

مەدلوولی ١: سپییە، ساردە، لە وەرزی زستان و بەهاردا دەبارێت.

مەدلوولی٢: لای شا عیر سپی بوونی پرچی، بەسەرچوونی تەمەن و بە تەمەندا چوون.

وشەی بەفر لەم دەقە شیعرییەدا، کە دیاردەیەکی سروشتییە شاعیر بە واتای فەرهەنگی خۆی بەکارینەهێناوە، بەڵکو ڕەهەندێکی سیمیۆلۆژی تایبەتی هەیە و شاعیر بۆ مەبەستی خۆی بەکاریهێناوە، کە لە سیاقی دەوروبەری وشەکەوە دەردەکەوێت، کە شاعیر مەبەستی بەسەرچوون و ڕۆیشتنی تەمەنییەتی کاتێک پیر و لاواز و بێ دەسەڵات دەبێت و پرچی سپی دەبێت و تەمەنی بەرەو کۆتایی لە هەڵکشاندا دەبێت و تامی ژیانی لا نامێنێت و تەمەنی نائومێدی دەست پێدەکات.

## ئەنجام

ئەحمەد محەمەد وشەی لە چەندین کێڵگەی واتایی جیاواز بە چەندین مەدلولی جیا بەکارهێناون لەوانە: ڕەنگ، سروشت، کەسایەتی. سیمیۆلۆژیای وشە لە دەقە شیعرییەکانی شاعیر بە پێی سیاق و ئەو شوێنەی وشەکەی تێدا هاتووە، کە وەک کۆد و هێما دەردەکەون دەدۆزینەوە، چونکە واتاکەیان جیاوازە لە واتای فەرهەنگی وشەکە. ڕەنگەکان لە ژیانی مرۆڤدا ئامادەبوونی چالاکیان هەیە و ڕۆڵی جۆراوجۆر دەگێڕن و شاعیر بەشێک لە واتای ویستراوی خۆی لە پشت ڕەنگەکان بە مەدلولی جیاواز دەربڕیون. ناو، وەک کەسایەتی مێژوویی دیاری ناو کورد لای شاعیرانی پێشووتریش بەکارهاتوون و لای شاعیریش بۆ مەدلولی دووەم بەکارهێنراون و ڕەهەندێکی سیمۆلۆژییان هەیە. سروشت، کە وەک سەرچاوەی هەوێن و ئیلهامی شیعری لای شاعیران ناسراوە و لای شاعیریش بۆ کۆمەڵێک واتای تایبەتی بەکارهاتووە و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هزر و بیری شاعیر هەیە؛ بۆیە چەندین وشەی لە سروشت وەرگرتووە و واتایەکی تری نوێ و جیاوازی لێبارکردوون.

## لیستی سەرچاوەکان

### بە کوردی


-ئەحمەد، کۆسار عومەر(٢٠٢٠)، (ڕەنگی سوور لە شیعری کلاسیکی کوردیدا)، گۆڤاری کورد نامی، لا٩٠١-١٢٦.

-ئـەسـوەد، نـەوزاد ئـەحـمـد(٢٠١٥)، (فـەرهـەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

-ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(٢٠١١)، (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی)، سلێمانی، چاپخانەی بینایی.

-باپیر، ئـــاڵا(٢٠٢٢)، (سـیـمـیـۆلۆژیای کـەلـتـوور)، چاپخانەی تاران.

-دزەیی، عبدولواحید موشیر (د)، (٢٠١٣)، (وشـەسازی زمانی کوردی)، هەولێر، چاپی دووەم.

- ئیبراهیم، محـەمـەد عـبـدلـکـریـم(٢٠٠٩)، (زمـانی شیعری و ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ (ئەزموونی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر بە نموونە)، زانکۆی سەلاحەدین-کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، هەولێر.

-کریم، شاخەوان باوەدین (٢٠٢٣)، (سیمۆلۆژیای ڕەنـگ لـە شـیـعـری هـاوچـەرخـی کـوردیـدا (کـوردی ناوەڕاست)، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

-ڕەئوف، لو قمان (د)، (٢٠٢٢)، (سیمیۆلۆژیای شوێن لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا هەڵەبجە بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە(٧)، لا٢٧-٥٤.

- ڕەئوف، لوقمان (د)، (٢٠١٧)، (سیمۆلۆژیای ڕەنگ لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا: دیوانی ڕەنگدان بە نموونە)، مجلة جامعة التنمية البشرية، ژمارە(٣)، لا٤٥٣-٤٨٢.

-خۆشناو، سـەرباز مەجید(٢٠١٩)، (سیمۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی (نـەوزاد ڕەفعەت)دا، هەولێر، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر.

-محەمەد، ئەحمەد(٢٠١٧)، (دیوانی تەمەن)، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

-مـەنـتـک، حـــەمـــە(٢٠١٨)، (مـیـتـۆدەکـانی ڕەخـنـەی ئەدەبی(ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕووی تیۆرییەوە)، چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.

-مەحموود، فازیل مەجید(٢٠٠٧)، (سروشت لە شیعری گۆراندا)، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم.

- مشەختی، کامەران ئیبراهیم(٢٠١١)، ( سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی (مـەلای جزیی)دا)، دهۆک چاپخانەیا خانی، چاپی یەکەم.

-فضل، صلاح (د)، (٢٠١٦)، (مێتۆدەکانی ڕەخنەی هـاوچـەرخ)، پ.د. سـەردار ئەحمەد گـەردی، هەولێر، ناوەندی ئاوێر، چاپی یەکەم.

-نەقشبەندی، ئـازاد محەمەدئەمین کاکە شێخ (د)، (٢٠١٧)، (جوگرافیای ژینگە)، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

-عزیز، ژوان عبدالسلام و محمد، یوسف علی(٢٠١٩)، (دەلالەتەکانی ڕەنگ لە دەقە شیعرییەکانی مستەفا بەگی کوردیدا)، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی گەرمیان لا١١٤-١٣٢.


### بە عەرەبی


-حمداوی، جمیل(١٩٩٧)، ( السیمیوطیقا والعنونة)، مجلة عالم الفكر مجلة، (٢٥) عدد٣، تصدر عن مجلس الوطني للثقافة والفنون و الأدب-الكويت، ص٧٩-١١٠.

- قطوس، بـسـام(٢٠٠١)، ( سيمياء العنوان، وزارة الثقافة)، الأردن، ط١.

- قطوس، بـسـام(٢٠٠٦)، (المدخل الى مناهج النقد المعاصر)، اللأسكندرية، ط١.

-عياشي، منذر(د)، (٢٠٠٩)، (العلاماتية و علم النص)، حلب، مركز اللأنماء الحضاری.

-مونان، جورج (٢٠١٥)، (سوسير أو أصول البنيوية)، ت: د.جواد بنيس، بيروت –لبنان، طبعة الاولى.

-مونان، جورج (١٩٨١)، )مفاتيح الأسنية)، ت:الطيب

بكوش، الطبعة الأولى، منشورات الجديد، تونس.

- عبدالستار عطاالله، ايمان(٢٠٢٠) سيمياء اللون في العروض الفنتازية لمسرح للطفلز مجلة الأكاديمى،العدد٩٥، ص ٧١- ٨٦.

- حمداوى،جميل(مدخل الى السيميائية) www.net.alukah

به ئينگليزى

- Mounin, Georges. Semiotic Praxis 1985. Ais-Marrxilles, France.

## الملخص

تم إجراء هذه الدراسة تحت عنوان: سيميائية كلمة في قصائد أحمد محمد اللون، الشخصية، الطبيعة. وهي محاولة لكشف البعد السيميائي في قصائد الشاعر، وجميع تلك الرموز والإشارات والدلالات التي انعكست في إطار الكلمات داخل قصائده، استعمل الشاعر العديد من الكلمات في نصوصه التي تحمل مدلولا ثانيا، حيث اختفت خلفها مجموعة من الدلالات المعنوية التي يمكننا تفسيرها، واستنباط المعنى المحمول للكلمات، وذلك في أثناء السياق والموضع الذي وردت فيه، وقد اعتمد في هذه الدراسة على المنهج (الوصفي - التحليلي) بالاستناد إلى رؤية علماء السيميائيات (سوسير، جورج مونان). وأهم النتائج التي تم التوصل إليها خلال الدراسة، فهي: اكتشاف البعد السيميائي لتلك الكلمات التي تحمل معنى ثانيا ومعنى آخر محم□لا عليها. وهي كلمات حقل (اللون، الشخصية، الطبيعة)؛ لأنها تظهر بشكل واسع في قصائد الشاعر، بحيث استعملها الشاعر لأغراضه الخاصة، وحاول توظيفها للمعنى المقصود الذي يتناسب مع إيصال المعنى وتشكيل الصورة الشعرية وجماليات النص.

## Abstract

This study, titled "The Semiology of Words in the Poetry of Ahmed Mohammed (Colour, Personality, Nature)," was conducted to explore the semiological dimension within the poet's work. It examines the symbols, emblems, and connotations that are reflected in the words of his poems. The poet frequently uses words that carry a secondary, hidden meaning, along with a collection of semantic connotations. These loaded meanings can be interpreted and uncovered by analysing the context in which the words appear. This research utilizes a descriptive-analytical methodology, drawing on the semiological theories of Saussure and Georges Mounin. The findings reveal the semiological dimensions of words that possess a secondary or loaded meaning, particularly those related to the fields of colour, personality, and nature. These specific words are prominent and widely used throughout the poet's work. Ahmed Mohammed employs them purposefully, aiming to convey a desired meaning that is appropriate for creating poetic imagery, enhancing aesthetics, and aligning with the overall theme of the text.